گۆڤارا زانستێن مرۆڤایەتی یا زانکۆیا زاخۆ
مجلة العلوم الانسانية لجامعة زاخو
Humanities Journal of University of Zakho (HJUOZ)
Vol. 11, No. 1, pp. 213–223, March.-2023.
hjuoz.uoz.edu.krd
p-ISSN: 2664-4673
e-ISSN: 2664-4681
journals.uoz.edu.krd

# لە یادکردنەوەوە بۆ نوسینەوەی مێژوو لە کولتوریی ئیسلامیدا
# " لە سێ سەدەی یەکەمی کۆچی "
# توێژینەوەیەکی مێژووییە

**هۆشمەند عەلی عەزیز [1]* و حەیدەر لەشکری [2]**

[1] بەشی مێژوو، فاکەلتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان- عێراق. (hoshmand.azeez@koyauniversity.org)

[2] بەشی مێژوو، فاکەلتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، هەرێمی کوردستان- عێراق. (haidar.lashkry@koyauniversity.or)

وەرگرتن: 2022/09 پەسەندکرن: 2022/12 بەلاڤکرن: 2023/03 https://doi.org/10.26436/hjuoz.2023.11.1.1019

**پوختە:**

ئەم توێژینەوەیە باس لە بایەخ و گرنگی یادەوەری و گێڕانەوەی زارەکی لەناوکۆی کولتوریی ئیسلامیدا دەکات، لە هەنگاونان بەرەو نوسین و دروستکردن و دانانی بناغەیەکی زانستی بۆ یاداشتکردن، ئەمەش واتا پەرینەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەی زارەکی لە ڕێگای یادەوەرییەوە بۆ مێژووی نوسراو، لە کولتوری عەرەبی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلامدا. گێڕانەوەی زارەکی سەرچاوەیەکی سەرەکی نوسینی مێژووە، لە ڕێگای گێڕانەوەی زارەکییەوە ڕووداو و زانیارییەکان لە یادەوەری نەوەکاندا دەپارێزرێن، بەمەش یادەوەری نوێنەرایەتی یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی ناو شێوازی نوسینی مێژوویی عەرەبی ئیسلامی کردووە و ڕۆڵی بەرچاو و هەستیاری هەبووە لە پاراستنی ڕووداوەکانی ڕابردوو و نواندنیان لە ئێستادا. هەروەها خستنە ڕووی هەنگاوەکانی نوسینەوەی مێژوو بە تایبەت لە ڕۆژگاری کولتوری عەرەبی ئیسلامیدا لە ڕێگای یادەوەری و گێڕانەوە زارەکییەکانەوە، کە شرۆڤەی قورئان و گێڕانەوەی ڕووداوەکانی پێش هاتنە خوارەوەی ئایەتەکان، فەرموودە، ژیاننامە و جەنگەکانی پێغەمبەر، دواتر ڕووداو و گرفتە نێوخۆییەکان و وڵاتگیرییەکانی لەخۆگرتووە.

**پەیڤێن سەرەکی:** یادەوەری، گێڕانەوەی زارەکی، نوسین، مێژووی عەرەبی ئیسلامی، کولتور.

## پێشەکی

یادەوەری ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبووە لە کولتوری مرۆڤایەتیدا. نەریتی زارەکی، کە بەرجەستەکردنی پرۆسەی یادکردنەوەیە لەنێو گێڕانەوەی دەستەجەمعیدا بە یەکێك لە سەرچاوە گرنگەکانی نوسینەوەی مێژوو دادەنرێت، بە تایبەت لەنێو ئەو کۆمەڵگە و گەل و هۆزانەی کولتوری نوسینەوەیان بەهۆکاری جیا جیا بەهێز نەبووە، هەرچەندە یادەوەری توانیویەتی بە جۆرێك لە جۆرەکان ئەو بۆشاییەی لە نەبوونی نوسیندا دروستبووە پڕبکاتەوە، بەڵام بە پێی ئەقڵیەت و پێداویستی کۆمەڵگە و هۆزەکە بووە لە گەیاندنی ڕووداو و زانیارییەکان.

ئەم توێژینەوەیە تەرخانکراوە بۆ کاریگەرییەکانی یادەوەری و گێڕانەوەی زارەکی لە کولتوری عەرەبی ئیسلامی، لە قۆناغی سەرهەڵدان و پێگەیشتندا لە (سێ سەدەی یەکەمی کۆچی)، هەوڵدراوە تیشك بخرێتە سەر نەریتی زارەکی و و ئەو یادانەی عەرەب شانازی پێوە کردووە، بە تایبەت لە تایبەتمەندییەکانی کولتوری ڕۆژگاری عەرەبی پێش ئیسلام، دواتریش چۆنیەتی جێکردنەوەی گێڕانەوە زارەکییەکان لەنێو هەنگاوەکانی نوسینەوە لە سەردەمی ئیسلامدا، بە پێی قۆناغ، دۆخ و پێویستی ڕۆژگار. بە تایبەت لە قۆناغەکانی سەرەتادا لە سەدەی یەکەمی کۆچی، لەگەڵ ئەوەشدا لە لایەك بەردەوامییاندا بە گرنگی یادەوەری وەك ئەو پێگەو بەهایەی خۆی هەیەتی، لە لایەکی دیکەوە، وەك ئاماژەمان پێداوە، کردوویانەتە سەرچاوەیەکی سەرەکی نوسینەوەی مێژوو.

هۆکاری دەستنیشانکردنی ئەم بابەتە بۆ بەرزی و کاریگەری پێگەی یادەوەری و ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانی نوسراودا بووە لەلایەك، لە لایەکی دیکەوە، دەبێتە هۆکاری شارەزابوون لە هەنگاوەکانی بایەخدان بە نوسینەوەی مێژوو لە کولتوری ئیسلامیدا، لە ڕێگای یادەوەری و نەریتی زارەکیدا، کە نوسراوی مێژوویی جۆراو جۆری بەرهەمهێناوەو تایبەتمەندی بە پرۆسەی نوسینەوەی مێژوویی داوە.

ئەم توێژینەوەیە، بە پێی ڕێبازی مێژوویی لە دوو تەوەرە و ئەنجامێك پێکدێت. تەوەرەی یەکەم بە ناونیشانی (یادەوەری و یادکردنەوەی عەرەب بەر لە ئیسلام)، تایبەتە بە خستنە ڕووی ڕۆڵ و بایەخی یادەوەری، لەنێویشییدا نەریتی زارەکی بۆ زانینی ڕووداوەکانی ڕابردووی کۆمەڵە مرۆییەکان، هەروەها گرنگی یادەوەری لە ماوەی ژیانی مێژوویی عەرەب بەر لە هاتنی ئیسلام دەخاتە ڕوو، کە نەریتی زارەکی چ شانازییەك بووە بۆ عەرەب لە گواستنەوەی زانیارییەکانی تایبەت بە ڕوودا و ڕەچەڵەکی هۆز و تیرەکان نەوە دوای نەوە، لەهەمانکاتیشدا نوسینیش بەهۆی جۆرێك لە سروشتی ژیانیان ڕەنگدانەوەی هەبووە. تەوەرەی دووەمیش بەناوی (یادەوەری و نوسینەوە لە ئیسلامدا)، وەك لە ناونیشانەکەیدا دیارە، کار لەسەر هەردوو چەمکی یادەوەری و نوسین لە

* ڤەکولەرێ بەرپرس.

چوارچێوەی تێگەیشتنی ئیسلامیدا دەکات، هەر لە هاتنی سروش بە شێوەی زارەکی، پاشان هەنگاوەکانی بەرەو بە نوسینکردنی دەقە ئاینییە پیرۆزەکان، بەهەمان شێوە بۆ فەرموودە و دواتر بۆ ڕووداو، جەنگ، گرفتە نێوخۆییەکان و وڵاتگیرییەکان، کە هەرچەندە ئارەزوویان لێ نەبوو لەسەرەتادا. واتا لە کاتێکدا گرنگی بە یادەوەری دراوە، کە چۆن پێگەی خۆی پاراستووە، لە پاڵ ئەمەشدا، نوسینیش زیاتر بایەخی پێدراوە و هەوڵیش دراوە بۆ جێگا گرتنەوەی یادەوەری لە زانینی ڕووداوە مێژووییەکانی ڕابردوو.
میتۆدی مێژوویی، یەکێکە لە بنەما سەرەکییەکانی نوسینی توێژینەوە، سروشتی میتۆدی ئەم توێژینەوەیە وای خواستووە، میتۆدی جیاوازی وەك میتۆدی شیکاری و بەراوردکاری لەخۆبگرێت، تایبەت بە میتۆدی شیکاری، بێگومان قسەکردنە لەسەر دەقەکانی تایبەت بە یادەوەری و گێڕانەوەی زارەکی، پاشان ڕۆڵیان لە هەنگاونان بەرەو نوسین لە کولتوری عەرەبی ئیسلامیدا، بەهەمان شێوە میتۆدی بەراوردکاریەکەش بۆ بەراوردکردنی دۆخی یادەوەری و نەریتی زارەکییە لەگەڵ نوسراودا لە ڕۆژگاری عەرەبی پێش ئیسلام و سەردەمی ئیسلامدا، کە چ پێگەیەکییان هەیەو دواتر ئەو هۆکارانەی وایکردووە بایەخی زیاتر بە نوسین بدرێت.

## تەوەرەی یەکەم:

## یادەوەری و یادکردنەوەی عەرەب بەر لە ئیسلام

یادەوەری پێگەیەکی گرنگ و بەهایەکی تایبەتی لە ژیانی کۆمەڵە مرۆییەکاندا بەر لە نوسین دوای نوسین هەیە. ئەو جێگایەی دەبێتە شوێنی تۆمارکردنی زانیارییەکان بیرگەیە، و گەنجینەیەکی تەواوە لە هەڵگرتنی زانیارییەکانی ڕابردوو. مرۆڤیش ئەو کاتە بە ئاگاو هۆشیارە کە یادەوەرییەکەی بەرکارەو ڕابردووی لە ئێستاییدا بەرجەستە دەکات.
یادەوەری وابەستەیەکی تەواوی لەگەڵ نەریتی زارەکیدا هەیە و لە ڕێگای دەمەوە دەتوانرێت هەموو ئەو زانیاریانەی لە بیرگەدا هەن بخرێنە ڕوو. لەلایەن توێژەران و بیرمەندان چەندین وتە و ناساندنیان دەربارەی بیرگە هەیە، بە مەبەستی ئەوەی هەموو ئەو زانیاریانەی تیایدا کۆکراوەتەوەو پارێزراوە لە ڕێگای یادەوەرییەوە دەتوانرێت بەرجەستە بکرێت. کاتێك یادەوەری لایەنە جیاوازەکانی ڕووداوەکانی ڕابردوو لە خۆدەگرێت، ئەوە لە ڕێی زارەوە ئەو زانیاریانە دەگێڕدرێنەوە، بەمەش ڕووداوەکانی ڕابردوو وەك زانین لە ئێستادا بوونیان دەبێت، ئەوە وایکردووە بوترێت ((ئێستای ڕابردوو یادەوەرییە))، (ریکور، 2009: 514)، لێرەدا ڕابردوو دەتوانێت لە ڕەهەندی یادەوەرییەوە مێژووی خۆی بەرجەستە بکات، وەك مێژوونوسی هەرە دیاری فەڕەنسایی جاك لوگوف وتویەتی: ((یادەوەری کەرەستەیەکی سەرەتاییە بۆ مێژوو))، (2017: 10)، یاخود وتراوە ((یادەوەری بە مێژوو سپێردراوە))، (ریکور، 2009: 572)، لەبەرئەوەی یادەوەری وەك بەشێك لە مێژوودا دەبینرێت و ئەو بیرگەیەش بۆتە گەنجینەیەك بۆ زانین و ناسینی ڕابردوو و ڕۆڵی بنەڕەتی و بەرچاوی دەبێت لە گەیاندنی ئەو زانینە و بووەتە سەرچاوەیەکی گرنگی مێژوویی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هیچ بەهایەکی دۆکیومێنتاریان نیە و ناتوانرێت لە تۆمارکردنی مێژوویدا هەڵبگیرێت، لەبەرئەوەی زارەکیین (دونر، 2019: 21).

نەریتی زارەکی بەشێکە لە یادەوەری و تاکە سەرچاوەی باوەڕپێکراوە دەربارەی زانینی ڕابردووی کۆمەڵە مرۆییەکان، کاتێك نەتوانرێت پەیوەندی بە ڕابردووی قوڵی ئەو قۆناغە وەربگیرێت لە لایەن و شێوازەکانی دیکەدا، ئەوا تاکە ڕێگا یادەوەری دەبێت بۆ تێگەیشتن و نواندنی مێژووی ئەو سەردەمە (کالفي، 2012: 139)، لەبەرئەوەی کولتوری زارەکی لە ڕێگای بیستن و گوێگرتنەوە بەرهەم هاتووە، بۆیە لە بنەڕەتدا لە یادەوەرییەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها یەکێکیش لە سەرچاوە گرنگەکانی نوسینەوەی مێژوو دەبێت، بە تایبەت لە لایەن ئەو کۆمەڵە مرۆییانە لە نێو کولتوری نوسراودا کەمتر خۆیان دەنوێنن. بۆیە لەو کۆمەڵانەی نوسین نیە یاخود کەمە، تایبەتمەند و شارەزایانی بەرجەستەکردنی یادەوەری هەن (لوغوف، 2017: 108) کە بریتیین لە حەکایەتخوان و هەواڵگێڕەوەو ...هتد، ئەو زانینەی لە بیرگەی مرۆڤەکان یاخود کەسی گێڕەڕەوە پارێزراوە، لە ڕێگای زارەکی تاك و کۆمەڵ (دەستە جەمعی) دەربارەی ڕووداوەکانی ڕابردوو کە بۆیان گێڕدراوەتەوە یان خۆیان ڕاستەوخۆ بینیویانە و بەشداربووینە و شایەتحاڵی ڕووداوەکەن، بەرهەم هاتووە، هەرچەندە لە دەقی زارەکیدا هەرگیز شایەتحاڵی ڕاستەوخۆ و گوازراوە لەیەکتر جیاناکرێتەوە (کالفي، 2012: 139؛ Verovsek, 2016: 532)، واتا دیارنەبوونی سەرچاوەی سەرەکی زانین، بەڵام ئەو یادەوەرییە مێژووییانە تۆماردەکرێن لە ڕێگای گێڕانەوەی خەڵکەوە بە شێوەی زارەکی دەربارەی لایەنە جیاوازەکانی وەك لایەنی ئایینی، کۆمەڵایەتی، سیاسی، کولتوری و داب و نەریت ...هتد، واتا هەموو ڕەگەزە جیاوازەکان دەگرێتەوە. بەمەش یادەوەری هەموو هەوڵێکی بۆ دۆزینەوەی ڕابردوو و بونیاتنانی ڕۆژگارە لە ئێستای کۆمەڵە مرۆییەکانەوە، هەروەها ڕۆڵێکی بەرچاوی دەبێت لە خستنە ڕووی لایەنی شاراوەی مێژووی قۆناغە جیاوازەکانی سەردەمی دێرین، بە تایبەتی تاکە سەرچاوەی ئەو ڕابردووە یادەوەرییە.
یادکردنەوەی ڕابردوو لەسەر ئاستی تاك و کۆ، کاریگەری دەروونیانەی هەیە، لەو ڕێگایەوە مرۆڤ دەتوانیت ژمارەیەك یان کۆمەڵێك تێڕوانین و تێگەیشتن لە ڕابردوو بهێنێتە پێشەوە و وێنای بکات (لوغوف، 2017: 101)، دەکرێ ئەوە وابکات ئەرکی یادەوەری بەهۆی گواستنەوەی لەسەر شێوازی زارەکی تووشی شێواندن و بە لاڕێبردن بێتەوە، چاکترین بەڵگەش بۆ ئەوە، بە فرەیی گێڕانەوەیە بۆ هەمان دەق (کالفي، 2012: 139)، لێرەدا گێڕانەوەی جیاجیا دەبینرێت بۆ هەمان ڕووداو، دەکرێت لە پشت هەر گێڕانەوەیەکیش هۆکارو پاڵنەری خۆی هەبێت لەسەر شێوازی ئەو گێڕانەوەیەدا. ئەمەش ئاماژەی پێکراوە بەهۆی سەرکوتکردن و کپکردنی یادەوەری لەسەر تاك و کۆمەڵ یاخود یادەوەری فریودراو و لاواز بۆ نموونە بەهۆی ململانێی نێوەخۆیی و ماوەی چەوسانەوە (بوتشیش وأخرون, 2015: 1/20-21)، بەمەش بە هەر هۆکارێك بێت گۆڕانکاری بەو زانینەدا دێت، بۆیە گێڕانەوەی زارەکی بە واتایەکی ورد وەك دەستەواژە، سەرچاوەیەکی هەمیشە نەناسراوە، ناتوانرێت پشتی پێ ببەسترێت وەك زانیاریەکی ڕاستگۆیانەی تەواو لەسەر ڕووداوەکان، لەبەرئەوەی هیچ شتێکی لەو شێوەیە نازانرێت دەربارەی شایەتحاڵە یەکەمینەکان یاخود ئەوانەی قۆناغێك دواتر گێڕاویانەتەوە لەوەی کە بیستویانە (ذیاب، 2020:

111)، بۆیە دەڵێین هەتا ڕێگای ڕابردوو یادەوەری بێت، هیچ شتێك ڕێگر نیە لە هەڵبژاردن و كەمكردنەوەو بەكارهێنانی خەیاڵ، بە تایبەتی لە ڕابردووی دووردا، كە ژیان بە ڕووی خۆیاندا داخراوە، ئەوەی دەربارەی ئەو ڕابردووە دەوترێت تەنیا بە ژیانێكی وەك خۆی بەرهەڵستی دەكرێت (الجابري، 2002: 59) بەڵام لەهەمانكاتدا ئەو زانینەی ڕابردوو كاتێك لە بیرگەدا جێگیربووە هیچ ڕاستیەكی مێژوویشی دەربارەی ئەو ڕابردووە تێدا نەبێت، ئەوا هەر مامەڵەی ڕاستی مێژوویی لەگەڵدا دەكرێت.

لە ڕاستیدا لێكۆڵینەوە لە گێڕانەوەی زارەكی، پاڵپشتە لە تێگەیشتنی باشتری چۆنیەتی سەرهەڵدانی هۆشیاری، ئەوە یادەوەرییە گێڕانەوە زارەكییەكان دەپارێزێت و یارمەتیدەرە بۆ پاراستنیان و دووبارە بەرهەمیان دەهێنێتەوە (ذیاب، 2020: 114)، بەمەش دەشێ گێڕانەوە زارەكییەكانی نێو یادەوەری وەك سەرچاوەیەكی مێژوویی مامەڵەیان لەگەڵ بكرێت، جگە لەوەی مەرجی خۆی هەیە لەسەر وەرگرتنی ڕاستی و دروستی ئەو دەقانە، لەبەرئەوەی مرۆڤ خۆی ئامادەیە بۆ لەبیرچوونەوە یان لە ژێر پەستانێكی دیاریكراودا یاخود تێكەڵ بوون لەگەڵ ڕووداوی دیكەدا، ئەمانە لە یادەوەری مرۆڤدا ڕوو دەدەن. سەرەڕای ئەوە تایبەتمەندییەك لە كولتوری زارەكیدا هەیە، ئەویش بریتی یە لەوەی جۆرێك لە نمایشی زمانەوانی پڕ لە هێزو جوانی بەرهەم دەهێنێت، بە بەهایەكی بەرز هونەری و مرۆیی، نمایشێكە ئەو هەست و چێژەی بە دەروونی مرۆڤ دەبەخشێ، هەرگیز نوسین ناتوانێ ئەم كارە بكات (أونج، 1994: 52)، بێگومان ئەو هەستە كاریگەری بۆ كەسی گێڕەڕەوەو گوێگریش هەیە، هەرچەندە بە پێی بابەت و گێڕەڕەوەكە گۆڕانكاری پێدا دێت. هەروەها تایبەت بە یادەوەری مێژوویی لە ڕۆژگاری عەرەب بەر لە ئیسلام، ئەو گەنجینە زانینەی لە ماوەی ژیانی مێژووییدا بەرهەمی هێناوە و بە شێوازی جۆراوجۆر لە نێو یادەوەری خۆیدا پاراستوویەتی و گوزارشتی لێكردووە، ئەمەش پەیوەست بووە بە ڕادەی هۆشیاری كۆمەڵایەتی و كولتوری ئەو قۆناغەی كۆمەڵە مرۆییەكە و ئەو چوارچێوە كۆمەڵایەتییەی بۆ بەرهەم هێنانی زانین هەیبووە، پێی گەیشتووە. لە ڕاستیدا یادەوەری زارەكی بەراورد ناكرێت بە دەقی نوسراو، لەبەرئەوەی ئەو دووانە بە تەواوی جیاوازن، و یادەوەری زارەكی دەچێتە پێكهاتەیەكی جەستەیی بەرز، بەڵام دەقی نوسراو بونیاتنانەوەیەكی نەریتییە لە سەرانسەری دونیادا و لە هەموو قۆناغەكانی ڕۆژگاردا بە چالاكی دەستییەوە بەستراوەتەوە (ذیاب، 2020: 118)، هەرچەندە نوسین لە ڕوانگەیەكەوە تەنیا تەواوكەری یادەوەری زارەكی دەبێت، تا وردە وردە جێی گێڕانەوەی زارەكی دەگرێتەوە، بەمەش دەقی نوسین لە بنەڕەتدا سەرچاوەكەی لە گێڕانەوەی زارەكیەوە هاتووە (أونج، 1994: 45)، سەردەمی عەرەبی بەر لە ئیسلام بەهۆی سروشتی شێوازی ژیانیان و ڕەفتاریانەوە بێبەری نەبوون لەم دووانە. لەو كاتەدا جۆرە كولتورێك چەسپابوو پشتیان بە زمان دەبەستی بۆ گواستنەوەی ڕووداوەكان و گەشەكردنی یادەوەرییان و لە ڕێگای گێڕانەوەی زارەكی كاریان لەسەر پاراستنی ئەو كولتورە دەكرد (العطوي، 2017: 42-43)، واتا كولتوری زارەكی بووەتە كۆڵەگەی گەیاندنی زانینی مێژوویی ئەو قۆناغە بۆ سەردەمی دواتری خۆی. عەقڵیەتی عەرەبیش بۆ جێبەجێكردنی ئەم كارە بزێوبووە، ئەمەیە پاڵی بە حاحیظەوە (م. 255ك/ 868ز) ناوە بۆ وتنی: ((هەموو شتێك بۆ عەرەبەكان سەرپێی و وتنیەتی بێ بیركردنەوە وەك ئەوەی سروش (إلهام) بێت، كە هیچ دەردەسەری و گرفت و كۆدەنگی هزر و یارمەتی نیە))، (1998 :3/ 28)، بەم شێوەیە وەسفی عەرەبی كردووە كە لێهاتوو و بە توانان لە گێڕانەوەو خۆبەیانكردندا، هەروەها تایبەتمەندییەكی بەرزیان لەگەڵ كولتوری زارەكیدا هەیە و شانازی پێوە دەكەن.

لێرەوە دەشێ بڵێین مێژووی عەرەب لە قۆناغی پێش ئیسلامدا گێڕانەوەی ڕووداوەكانی ڕابردوو بووە بە شێوەی زارەكی لە ڕێگای نەوەكانیانەوە نەوە دوای نەوە بە شێوازی جیاجیای وەك هەواڵ، چیرۆك و شیعر ...هتد، كە لە سەرچاوە گرنگەكانی گواستنەوەی گێڕانەوەكانی ڕووداوە مێژووییەكان بوون (كوثراني, 2012: 24؛ مرعب، 2017: 28) بێ ئەوەی ئەمە ئاماژەبێ بۆ ڕاستی، یان ناڕاستی گێڕانەوەكان، ئەم ڕەگەزە یان لقە جیاوازانە بایەخی تایبەتی خۆیان هەبوو لە گەیاندنی ڕوانگەی مێژوویی ئەو ڕۆژگارە، لەوانە كاركردن لەسەر ڕەچەڵەكناسی، كە لقێكی تایبەت بووە لە زانینی نێو عەرەبی پێش ئیسلام. ئەمەش زیاتر لە ڕێی شیعرەوە كە زۆر پەیوەست بوون پێوەی و یەكێكە لە كولتورە سەرەكییەكانیان، كە شانازی خێڵەكی و پەرۆشی و پیاوەتی و مەردایەتی لە خێڵدا قوڵترین هەستی ژیانیان بووە، ئەوانە زانینی ڕۆژگاری عەرەبی پێش ئیسلامیان دروست كرد (لويس وآخرون، 2008: 48)، هەروەها ئەو جەنگانەی لە نێوان هۆزەكان لەگەڵ یەكتری ڕوویان دەدا، یاخود لە نێوان پاشای یەمەن و هۆزەكان، یان لە نێوان ئیمپراتۆریەتی ساسانی و هۆزو دەسەڵاتدارێتییە عەرەبییەكان كە بە ڕۆژگاری عەرەب ناسراوە، لە ڕاستیدا چەمكی ڕۆژگار بەهایەكی بەرزی هەیە لە هەواڵزانی لە مێژووی بەر لە ئیسلامدا، چیرۆكەكان و ڕووداوەكان لە لایەن خەڵكەوە لە شایەتحاڵەكانەوە بۆ نەوەكانی دواتر گواستراونەتەوە و لە یادەوەرییاندا پاراستوویانە، لە بڕی نوسینەوە، بۆ ئەمەش تام و چێژێكی تایبەتییان بۆ هەبووە و لە بیرگەكانیاندا هەڵیانگرتوون (علي، 1380 :341/5)، هەروەها لەسەر شێوازی گێڕانەوەیان حاحیظ وتویەتی: ((عەرەبەكان وتاریان دەدا و پشتیان بە زەوی ڕەق دەبەست و بە دارو ڕمەكانیان ئاماژەیان دەكرد))، (1998 :370/1)، ئەمە بەڵگە لەسەر شێوازی گێڕانەوەی ڕابردوو لە لای عەرەب بە شێوەی زارەكی، جگە لەوە قۆناغ و سەردەم و پێگە جوگرافیەكە وایكردووە كولتوری زارەكی لە پایەیەكی بەرز دابێت و نوسینەوە بەم شێوەیە نەبێت، لە ئەنجامی كاریگەری شێوازی ژیانیان سارانشینی بەسەریاندا زاڵ بوو و زۆربەیان ژیانێكی خێڵەكی گەڕۆك دەژیان، جگە لە نەبوونی و كەمی كەرەستەكان و پێداویستی تایبەت بە نوسینەوەو خوێندن، هەروەها حەزو ئارەزوویان بۆ ئەزبەركردن و پاراستن و پەرەپێدان و پشت بەستنیان بە یادەوەری، كە بۆچوونیان وایە زانست لە سینەیان دایە نەك لە نێو دێڕەكاندا (علي،1380 :37/1؛ خضري، 2013 :101).

سەرەڕای ئەوە، ڕەنگە ئەوەی یادەوەری مێژووی عەرەبەكانی زیاتر وروژاندبێ و هانی دابن، گەڕانەوە بۆ ڕابردووی خۆیان وەك ئامرازێكی خۆناسین بەكاربهێنن لەو قۆناغەدا بەهۆی گەشتە بازرگانییە بەردەوامەكان و پەیوەندییە هزرییەكان و بیروباوەڕە هەمەجۆرەكان و هەروەها بازاڕە

بازرگانییە وەرزییەكان وێنەیەكی گرنگی ئەو جۆرە كارلێكردنەن و بێگومان لە پتەوكردنی یادەوەری مێژوویی بەشداریان كردووە، لە لایەكی دیكەوە باسكردنی چیرۆكی گەلانی ڕابردوو، كە یادەوەری مێژوویی توانای هەڵگرتنی بەشێكی زۆری ئەو كەلەپورانەی هەیە و لە ڕێگای گێڕانەوەی زارەكی پێیان گەیشتووە (عبدالرحمن، 2011: 27)، واتا سروشتی ژیانیان هۆكاری سەرەكیە لە بەهێزی و توانای یادەوەرییاندا. هەروەها تایبەت بەو ڕابردووەی كە لە یادەوەرییەكانیاندا پاراستوویانە جاحیظ لەو بارەیەوە وتویەتی: ((ئاگاداربە لەوەی دەیبیستیت و بیپارێزە، لە كاتێكدا كاریگەری دەبێت))، (1998 :366/3)، ئەم گێڕانەوانەیان زەینی مێژوویی بۆ دروستكردوون لە پابەندبوونیان بە ڕابردوو، بە تایبەت خواوەندەكانیان و كاروباری كۆمەڵایەتی و ڕەچەڵەك و ڕووداوەكانیان لە شەڕ و جەنگ و ئاشتی و ئەو كەلەپورەی لە ئەدەب و ڕۆژگار بە نەوەكانی دوای خۆیان بەخشی و پاراست، هەرچەندە ئەم چیرۆكانە پابەند نەبوون بە یاساكانی ڕاستی مێژوویی (بروكلمان، 1959 :7/3؛ كوثراني، 2012: 45).

سەرەڕای خەیاڵ و نادیاری گێڕانەوەی ڕۆژگارەكان كاریگەری گەورە و گرنگیان لە گەشەكردن و پێشكەوتنی مێژووناسییدا هەبوو. هەروەك وتراوە دەربارەی ڕۆژگار بەدوای ڕووداوە گەورەكان و ترسە بەهێزەكانی نێوان هۆزە عەرەبییەكاندا دەگەڕێت، ئەو زانستە پێویستە لقێك لە لقەكانی مێژوو دروست بكات، بەمەش ڕۆژگار دەبێتە بەشێك لە هەواڵە مێژووییەكان (الدوري، 2000: 20). لەگەڵ ئەوەشدا دەربڕینی ڕۆژگاری عەرەب لەسەردەمی پێش ئیسلامدا سەرچاوەیەكی بە پیت و بەهێزی سەرچاوەكانی مێژووە، بە تایبەت لە لایەنی ئەدەبییەوە، وەك چیرۆك كە بە جۆرێك لە جۆرەكان دیاردەو ڕووداوەكان لە خۆدەگرێت، هەروەها لە ڕێگای دەربڕینی گێڕانەوەی شیعر و پەخشاندا دەتوانی پەیوەندی عەرەب لەگەڵ دەوروبەری لە نەتەوەكانی دیكە و تیرەو خێڵ و هۆزە نێوەخۆییەكاندا، چ لە كاتی ناكۆكی و شەڕ و ململانێ یاخود لە ڕێككەوتنەكاندا، واتا بارودۆخی شەڕ و ئاشتی ڕۆژگاری عەرەب، لەو ڕێگایانەوە بە دەستبهێنی. لەلایەكی دیكەوە بابەتی شانازیكردن و پیاهەڵدان بە كەسایەتی خێڵ و ڕەچەڵەكیان تەواو پەیوەستە بە چۆنیەتی داڕشتن و گێڕانەوەی ئەم ڕۆژگارەوە، لەبەرئەوەی گوزارشتە بە ناسنامەی خێڵەكی خۆیان، بۆیە گرنگی پێ دەدەن و دەیانپارێزن.

هەروەها جگە لە بابەتی زارەكی و گەنجینەی ئەو زانینە مێژووییەی ڕووداوەكانی ڕابردوو، لە بیرگەی خێڵ و هۆز و تاكەكانی عەرەب دا، هیچ ناكۆكیەك نەبووە لەوەدا نوسین لە پێش ئیسلامدا لە لای عەرەبەكان ناسراوبوو، بە بەڵگەی بوونی چەندەها دەقی ئەو سەردەمە لە ناوچەی یەمەن و عەرەبەكانی باشور و ڕۆژئاواو نیمچە دوورگەی عەرەبی بە شێوازی عەرەبیە جۆراوجۆرەكان نوسراوەتەوە، یاخود زۆرێك لەو نوسینانە لەسەر كەرەستەیەكی وانوسراون شایەنی لەناوچوون بووە، وەك لەسەر پێست، دار و ئێسك ...هتد، لەسەر ئەم جۆرە شتانە نوسراوە یان هەڵكەنراوە، هەرچەندە نوسین لەسەر ئەم كەرەستانە ناتوانێت بەرگەی ڕۆژگارێكی دوورو درێژ بگرێت، بەتایبەتی لە ژێر خاك دابنرێت یان مەترسی ئەوەیان لەسەرە بسوتێن، یاخود بەهۆی ئاوەوە تێكبچێت و زیانیان پێ بگات، لەگەڵ ئەوەشدا پێستی نوسراویان دەشووشت بۆ ئەوەی جارێكی دیكە بینووسنەوە (Wlson, 1995: 277-278؛ علي،1380 :248/8، 250)، ئەوە واتای ئەوە دەگەیەنێت كە نوسین بوونی هەبووە، هەروەك باسی حیرە كراوە، ڕۆژگاری خۆیان دەنوسن لە لاپەڕەو نامیلكەكاندا، ڕۆژگاری فەرمانڕەوایی هەموو پاشاكانی سەردەمی خۆیان و پێشووتریش دەنوسن (عبدالرحمن، 2011: 28)، هەروەك مێژوونوس تەبەڕی لە ئیبن كەلبیەوە (م. 204 ك/821 ز) ئاماژەی بە بوونی پەرتووك و نوسراو لەلای عەرەبدا كردووە، وتویەتی: ((من هەواڵەكانی عەرەب و ڕەچەڵەكی بنەماڵەی نەسر كوڕی ڕەبیعە[1] و ماوەی تەمەنی ئەوان و مێژووی پاشایەتیانم لە ناو كەنیسەی حیرە دەرهێناوە كە لێپرسراو و نوێنەری بنەماڵەی كیسراییەكان بوون، پاشایەتی و كارەكانیان تیایدا تۆماركراوە))، (1968 :628/1)، ئەوە گرنگی نوسینی پێش سەردەمی ئیسلام لە هەواڵەكانی عەرەبی ئەو قۆناغەو پێشووتریش دەردەخات، هەروەها عەرەبەكانی باكوریش نوسینیان زانیووە، لەگەڵ ئەو كەسانەی هاوپەیمانی یان ئاگربەستیان كردووە، نوسراوێك هەبووە لەسەر ئەو ڕێككەوتنەی نێوانیان بۆ خۆدورگرتن لە لەبیركردنی ڕێكەوتنەكە (البغدادي، 1985: 86؛ عبدالرحمن، 2011: 28)، وەك شاعیر حارث كوڕی حلزە[1] ئاماژە بەو جۆرە ڕێككەوتن و ئاگربەستانە كردووە و وتویەتی:

وإذكُرُوا حِلْف ذِي المجازِ وما قُـــدِّم فيـــــهِ
الـعُهُــودُ والــكُفَـــــلآءُ[2]

(الزَّوْزني, د.ت: 156)، پێویست بوونی نوسراو بۆ هەموو ڕێكەوتنێك بۆ ئەوەی لە یاد نەكرێت لە دەقی قورئانیشدا[3]

---

[1] بنەماڵەی نەسری كوڕی ڕەبیعە، ئەم بنەماڵەیە بۆ چەند سەدەیەك فەرمانڕەواو پاشای شانشینی حیرە بووینە، بە نوێنەرایەتی ئیمپراتۆریەتی فارسی، بە كۆتایی هاتنی پاشایەتی ساسانییەكانیش، پاشایەتی ئەوان كۆتایی هات. هەروەها ئاماژە بەوە كراوە هەموو پاشاكانی حیرە لە بنەماڵەی نەسر بیست پاشا بووینە، و ماوەی پاشایەتیەكەشیان پێنج سەد و بیست و دوو ساڵ و هەشت مانگ بووە. (الطبري, 1968: 213/2-214).

[1] حارث كوڕی حلزە كوڕی بەكر كوڕی وائل كوڕی ئەسەد كوڕی ڕەبیعە كوڕی نزار، خەڵكی عێراقە و شاعیرێكی دیاری سەردەمی بەر لە ئیسلام بووە، هەرچەندە سەبارەت بە وردەكاری لە دایكبوون و گەورەبوونی هیچ ئاماژەو باسكردنێكی ئەوتۆ نیە، ئەوەی باس دەكرێت تایبەتە بەو ڕووداوەی كە حارث لەبەردەم عمرو كوڕی هیند وەستاوەو بەرگری لە گەلەكەی كردووە لە هۆنراوەیەكی درێژدا، ئاماژە بە وەدەكرێت كە حارث تەمەنێكی درێژ ژیاوەو لە ساڵی (580 ز) كۆچی دوایی كردووە (الزَّوزني, د.ت: 144-145).

[2] ئەو هاوپەیمانیەی ذی مجازت بیربێت كە بەڵێن و دەستەبەریت تیایدا پێشكەش كردووە

[3] ﴿ يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا إِذَا تَدَايَنتُم بِدَيْنٍ إِلَىٰ أَجَلٍ مُّسَمًّى فَاكْتُبُوهُ وَلْيَكْتُب بَّيْنَكُمْ كَاتِبٌ بِالْعَدْلِ وَلَا يَأْبَ كَاتِبٌ أَن يَكْتُبَ كَمَا عَلَّمَهُ اللَّهُ فَلْيَكْتُبْ وَلْيُمْلِلِ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ وَلْيَتَّقِ اللَّهَ رَبَّهُ وَلَا يَبْخَسْ مِنْهُ شَيْئًا فَإِن كَانَ الَّذِي عَلَيْهِ الْحَقُّ سَفِيهًا أَوْ ضَعِيفًا أَوْ لَا يَسْتَطِيعُ أَن يُمِلَّ هُوَ فَلْيُمْلِلْ وَلِيُّهُ بِالْعَدْلِ وَاسْتَشْهِدُوا شَهِيدَيْنِ مِن رِّجَالِكُمْ فَإِن لَّمْ يَكُونَا رَجُلَيْنِ فَرَجُلٌ وَامْرَأَتَانِ مِمَّن تَرْضَوْنَ مِنَ الشُّهَدَاءِ أَن تَضِلَّ إِحْدَاهُمَا فَتُذَكِّرَ إِحْدَاهُمَا الْأُخْرَىٰ وَلَا يَأْبَ الشُّهَدَاءُ إِذَا مَا دُعُوا وَلَا تَسْأَمُوا أَن تَكْتُبُوهُ صَغِيرًا أَوْ كَبِيرًا إِلَىٰ أَجَلِهِ ذَٰلِكُمْ أَقْسَطُ عِندَ اللَّهِ وَأَقْوَمُ لِلشَّهَادَةِ وَأَدْنَىٰ أَلَّا تَرْتَابُوا إِلَّا أَن تَكُونَ تِجَارَةً حَاضِرَةً تُدِيرُونَهَا بَيْنَكُمْ فَلَيْسَ عَلَيْكُمْ جُنَاحٌ أَلَّا تَكْتُبُوهَا وَأَشْهِدُوا إِذَا تَبَايَعْتُمْ وَلَا يُضَارَّ كَاتِبٌ وَلَا شَهِيدٌ وَإِن تَفْعَلُوا

جەختی لەسەر کراوەتەوە، لە یەکێك لە نموونەکانیش بۆ قۆناغی پێش سەردەمی ئیسلام زانیاری دەربارەی ڕێککەوتنێکی نێوان (هۆزی خوزاعە و عەبدولموتەلیب) دراوەو ئاماژە بە نووسینی ئەم ڕێککەوتنە دەکرێت و وتراوە: (( کۆبونەوەکە لە دارلنەدوە بووە، نوسراوێکیان لە نێوان خۆیاندا نوسی، پاشان بە دیواری کەعبەوە هەڵیانواسی))، (البغدادي، 1985: 86-87)، هەروەها ئاماژە بە بوونی نوسین لە پەرستگاکاندا دەکرێت، لەبەرئەوەی عەرەبەکان لەسەر بیروباوەڕی جیاواز بوون، زاناکان یاخود کەسانی ئایینی لە پەرستگاکاندا بریارە ئایینەکانیان بۆ خەڵك شیدەکردەوە و پەرتووکی ئایینییان هەبوو، فەرمان و ڕێکارەکانی تایبەت بە ئایینەکە لە خۆدەگرت، جگە لە بت پەرستەکان نەبێت، هەواڵ و زانیارییەکی ئەوتۆ نیە کە نوسراوی تایبەت بە یاسا و ڕێساکانی شێوازی ئەنجامدانی بت پەرستیان هەبووبێت (علي, 1380: 252/8)، لە لایەکی دیکەوە بەلاذری (م. 279ك/892ز) ئاماژە بە بوونی نوسین و خوێندنەوە کردووە لە لای عەرەبەکانی پێش ئیسلام وتوویەتی: ((حەڤدە کەس هاتنە ناو ئایینی ئیسلام هەموویان دەیاننوسی)) (1901: 477) واتا خوێندەواربوونە، هەروەها باس لە ژمارەیەك کەسایەتی و دانیشتوانی مەدینە کراوە لە بیروباوەڕە جیاوازەکان نوسینیان زانیووە (البلاذري، 1901: 479)، ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە عەرەبەکانی پێش ئیسلام نوسین و خوێندنەوەیان زانیوەو کاریان پێکردووە و توانیویانەی ئەوەی لەسەر زار بووە لە نێودەقدا جێی بکەنەوە. جگە لەوە ئەو شوێن و پێگەیەی ئەو ناوچەیە لە ڕووی سیاسی و ئایینی و ئابووری هەیبووە، پێویستی نوسین دەسەپێنێ شانبەشانی یادەوەری ئەو کۆمەڵگایە، بەڵام لە سنورێکی بەرتەسکدا. لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێ ئەم سنورە بەرتەسکە وایکردبێت جاحیظ ئاماژە بەوە بکات ((عەرەبەکان نەخوێندەواربوون و نەیان دەنوسی))، (1998: 28/3).

### تەوەرەی دووەم:

### یادەوەری و نوسینەوە لە ئیسلامدا

پرۆسەی نوسین پەیوەستە بە پرۆسەی یادەوەرییەوە، کولتوری عەرەبی ئیسلامی سەرەڕای ڕەهەندە ڕۆژگارناسییەکەی بەردەوام ڕەگی زارەکی مابوو و خودی قورئانیش چەند ڕەگێکی زارەکی هەڵدەگرێت، بۆیە ناتوانین لە دەقی ئیسلامی تێبگەین، ئەگەر دەرهاوێشتەی کولتوری زارەکی تێدا فەرامۆش بکەین، چونکە چوارچێوە گشتییەکانی دەقە و یەکێکە لە کۆڵەکەکان بۆ بنەماکانی نوسین، عەرەبەکانی پێش ئیسلام گرنگی نوسینیان بەو ئاراستەیە نەزانیووە وەك ئەوەی ئیسلام جەختی لێ دەکاتەوە، زارەکی وەك کولتوری زمانەوانی لە ڕێگای ئەزبەرکردن ڕەگی خۆی دادەکوتێ، خۆیان لە نوسین دووردەخەنەوەو سنوری زمان و گەنجینەکانی بیرگە ئاشکرا دەکات، ئەوان لە گرنگی نوسیندا تەنیا لە گۆڕانکاری ژیارییانە تێگەیشتوون، پێویستی بە ورياکردنەوەی نوسین هەیە، وەك بەڵگەنامەیەکی کولتوری پێویستە ئاماژە بە دەق بکات. هەروەها بە فراوانبوونی نائاسایی بەکارهێنانی نوسین دەسەڵاتی زارەکی ڕەتنەکردەوە، بەڵکو وەك خۆی لە سەردەمی پێش ئیسلام بۆ سەردەمی ئیسلامی گواستەوە، ئەگەر پەیوەندی نێوان دەستاودەست کردنی کولتوری و زارەکی زۆر پێش ئیسلام بوونی هەبوو بێت، بێ ئەوەی بیر لە پرۆسەی تۆمارکردن و نووسینەوە بکەنەوە، ئەوا بە هاتنە پێشەوەی ئیسلام لە بنەما یەکەمینەکانیدا بیرۆکەی نوسین و تۆمارکردنی بەرجەستە کردووە بۆ ئەوەی ببێت بە دیاردە (العطوي، 2017: 43-45)، واتا لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینی ئیسلامدا گرنگی و بایەخی نوسین زیاتر دەردەکەوێت و لە هەندێ لایەندا دەبێتە پێویستییەکی ئایینی و شان بەشانی یادەوەری زارەکی دێتە پێشەوە بە بێ ئەوەی ڕەتی بکاتەوە، دەتوانین بڵێین ئەوە بە درێژایی سێ سەدەی یەکەمی کۆچی درێژە دەکێشێت و هەروەها دواتریش بە جۆرێك لە جۆرەکان بەردەوام دەبێت، بەڵام بە شێوازو ڕێبازی جیاوازتر.

کاتێك زارەکی لە سەرووی ئاستی مرۆڤەوەش بایەخی پێ دەدرێت، ئەویش لەگەڵ دابەزینی قورئان، کە بە پێی تێگەیشتنی باوەڕی ئیسلامی بە شێوەی سروش لە لایەن خوداوە بە هاوکاری فریشتە جوبرائیل بە شێوەی زارەکی بۆ سەر پێغەمبەر (د.خ) دابەزی (روبنسون، 2014: 97)، پێغەمبەریش ئەم سروشەی بۆی نێردراوە بە شێوەی زارەکی فێری دەبوو و وەریدەگرت. هەروەها باس لەوە دەکرێت کاتێك سروشی بۆ دادەبەزی زمانی دەجوڵاند (القرطبي, 2006: 425/21؛ العطوی، 2017: 42)، مەبەستی لەوەیە کە دەقی ئایەتەکانی لە دوای فریشتە جوبرائیل دووبارە دەکردەوە بۆ ئەوەی ئەزبەری بکات. پاشان پێغەمبەر فەرمانی بە ژمارەیەك لە هاوەڵان کردووە بە نوسینەوەی ئەو ئایەتە قورئانیانەی کە بۆی هاتووە، لە دیارترین نوسەرانی نوسینەوەی سروش (زید کوڕی ثابت) (م. 45ك/666ز) بووە، ئەم نوسینەش تەنیا کۆڵەگەیەك بوو بۆ پاراستنی قورئان. هەروەها ئەو کەرەستانەی دەقی ئایەتەکانیان لەسەر دەنوسی یان هەڵیان دەکەند بریتی بوون لە قوماش، پێست، ئێسکی پان، بەردی تەنك و لاچکی پانی خورما (شولر، 2016: 62-63؛ خزر، 2019: 109).

سەرەڕای ئەوەی قورئان خۆی داوا لە نوسەران دەکات، بەیاننامە بنوسن[1]، بایەخی نوسین و خوێندنەوە دەردەخات بۆ ون نەبوونی ئەو هاوپەیمانی و ڕێککەوتن و گرێبەستانەی هەن، تاوەکو بیپارێزن و لە یادیان بمێنێت. هەرچەندە لە سەردەمی پێغەمبەر قورئان کۆنەکراوەتەوە، تەنها بە شێوەی زارەکی لە نێو خەڵك گێردراوەتەوە و لە بیرگەیاندا هەڵیانگرتووە، لێرەدا مێژووی کۆکردنەوەی بە پێی ڕای زاڵ لە گێرانەوەکاندا خەلیفە ئەبوبەکری صدیق فەرمانی بە عومەری کوڕی خەتاب کردووەو بڕیاریانداوە قورئان کۆبکەنەوە و (زید کوڕی ثابت) نوسەری سروش هەڵسێت بە جێ بەجێ کردنی ئەم کارە (البخاري, 2016: 2272/3)، بەڵام دوای ئەوەی ناکۆکی لەسەر شێوازی دروستی خوێندنەوەی دەقی قورئان دەرکەوت، لەم ڕوانگەیەوە خەلیفە عوسمانی کوڕی عەففان بڕیاریدا بە کۆکردنەوەی قورئان بە شێوەیەکی فەرمی لە یەك شێوازدا، کە بە (مصحف عثمان) ناسرا، ئەمەش هەوڵی سەختی پێویست بوو بۆ کۆکردنەوەی قورئان و پێدانی شێوەی دەقێکی نوسراو، جارێکی دیکە لە

---

فَإِنَّهُ فُسُوقٌ بِكُمْ وَاتَّقُوا اللَّهَ وَيُعَلِّمُكُمُ اللَّهُ وَاللَّهُ بِكُلِّ شَيْءٍ عَلِيمٌ﴾ (سورة البقرة/ الآية: 282).

[1] وەك لە پێشووتردا لە پەراوێز ئاماژەی پێدراوە.

لایەن (زید کوڕی ثابت)ەوە ئەنجام درا، بەڵام ئەمجارە کۆمەڵێك یاریدەدەری لەگەڵ بوو، توانرا یەك شێوەی قورئان کۆبکرێتەوەو بۆ هەموو ناوچە جیاوازەکان بنێردرێت، لە هەمانکاتدا هەموو شێوەکانی پێشوتری قورئانیان سوتاند (إبن أبي داود، 2002: 175/1-178؛ شولر، 2016: 67)، بەمەش یەکەم کۆکردنەوەی قورئان لە یەك شێوازدا بە فەرمانی خەلیفە عوسمان ئەنجامدرا (إبن شبة، د.ت:7/1).

جگە لە نوسینەوەی قورئان، شانبەشانی نەریتی زارەکی، چەندین نوسینی دیکە بوونیان هەبوو، لە دیارترین و پێشینەترینیان دەستووری مەدینە بوو، ئەم دەستوورە بۆ خەڵکی مەدینە داڕێژرا لە لایەن پێغەمبەرەوە، هەروەها تاکە بەڵگەنامەیە لە سەردەمی پێغەمبەر بە پەرتووك ناو دەبرا، بەم شێوەیە ئاماژەیان پێکردووە: ((پێغەمبەری خودا پەرتووکێکی نوسیووە لە نێوان کۆچکردووان و پشتیوانان ... هتد))، (ابن هشام، 1995: 126/2)، هەروەها چەندین نوسراوی دیکەی وەك ڕێککەوتننامەی حودەیبیە لە ساڵی (6ك/ 628ز) لە نێوان پێغەمبەر و خەڵکی مەککە بەسترا، (إبن إسحاق، 2004: 461/2-462) لە لایەك و لە لایەکی دیکەوە، نامە جۆراوجۆرەکانی لە لایەن پێغەمبەرەوە بۆ پاشاکان و دەسەڵاتداران و هەندێ لە هۆزە عەرەبییەکانی دەوروبەر دەنێردرا (إبن إسحاق، 2004: 658/2، 665؛ إبن هشام، 1995: 214/4-215، 279، 288)، بێگومان ئەم جۆرە نوسراوانە درێژەیان هەبووە بۆ دواترو سەردەمی خەلیفەکان زیاتر برەویان پێدراوە لەسەر ئاستی ناوەخۆ و دەرەکی.

پەیوەندی نێوان یادەوەری و نوسین ئاڵۆزتر دەردەکەوێت، کاتێك دێتە سەر باسی فەرموودە، لە سەرەتادا بیرۆکەی نوسینەوەی فەرموودەیان ڕەتکردۆتەوە و هەر بە زارەکی ماوەتەوە، لەبەرئەوەی بە بڕوای هاوەڵان و شوێنکەوتووان و فەرموودەناسان، ئایینی ئیسلام نابێت پەرتووکێکی دیکەی هاوتا و هاوشانی قورئان هەبێت، لەم پێگەی دژەوە دەبینین ئەم هەنگاوەیان وەك دروشمێك هەڵگرتووە (شولر، 2016: 10) و وتویانە: ((زانستیان بە پەرتووکەوە بەستۆتەوە))، (الخطیب البغدادي، 2008: 81)، لێرەدا ئامانجیان خۆ دوورخستنەوەیە لە نوسین و گرنگیدانە بە یادەوەری یاوەران و گێڕانەوەکانیان، لە ڕاستیدا رقیان لە نوسینەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەر بوو، دەمەقاڵێیان دەکردو هەوڵی ئەوەیان دەدا بیسەلمێنن ئەو فەرموودانە دەبێت لە مێشکی کەسێکدا باشتر بمێنێتەوە لەوەی لە پەرتووکدا بنوسرێتەوە (روبنسون، 2014: 116)، ئەم بیروبۆچوون و تێڕوانینە وایکردووە، ئەو کەسانەی ئەرکیان کۆکردنەوەی فەرموودە بوو تەنها پشتیان بە یادەوەری دەبەستوو و هیچ پەرتووکێکیان لە گێڕانەوەکانیاندا لە بەردەستدا نەبووە (شولر، 2016: 15)، هەروەها لێکۆڵینەوەو گێڕانەوەکان سەرەتا پەیوەست بوون بە قۆناغی سەرەتاکانی ئیسلام و لە لایەن پیاوانی سەر بەنەوەی یەکەمی شوێنکەوتووان ئەنجامدراوە، واتا ئەوانەی دوای پێغەمبەر و هاوەڵان هاتوون، بەڵام لە ڕاستیدا گێڕانەوەکانیان بەو شێوەیە نەبووە، کە هەندێ لە هاوەڵان بە شێوەیەکی نارێك و پێك وتە و کردارەکانی پێغەمبەریان دەنوسی، لێرەدا چەندان نموونەمان هەیە لەسەر شوێنکەوتووان باس لە فەرموودەکانی پێغەمبەر دەکەن، بەڵام دواتر سڕیویانەتەوە، وەك وتویانە: هیچ شتێك مەنوسنەوە، تەنها فەرموودە درێژەکان نەبێت، کاتێك پاراستت و ئەزبەرت کرد، بیسڕەوە (الخطیب البغدادي, 2008: 63-64)، دەشێ هۆکاری سڕینەوەی فەرموودەکان بۆ یەکێك لە فەرموودەکانی پێغەمبەر بگەڕێتەوە کە فەرموویەتی: ((هیچ شتێك دەربارەی من مەنوسن جگە لە قورئان، ئەوەی شتێکی دەربارەی من نوسیووە جگە لە قورئان با بیسڕێتەوە))، (إبن أبي داود، 2002: 148/1)، بەمەش پێغەمبەر نوسینەوەی فەرموودەکانی قەدەغەکردووە (الخطیب البغدادي, 2008: 26) و پێویستە کاریان پێ بکرێت تەنها لە ڕێگای یادەوەرییەوە. لێرەدا کاتێك هاوەڵان رقیان لە نوسینەوە بووەتەوە، بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ڕێبازی زانستی و خوێندن لەو ڕۆژگارەدا پشتی بە نوسینەوە نەبەستووە، بەڵکو لەسەر دەربڕین و وتنەوەو بیستن بووە بەبێ خوێندنەوە، بەمەش لە بنەڕەتدا زانستی ئیسلامی هەمووی لەسەر شێوەی زارەکی و بیستن جێبەجێ کراوە نەك نوسین (سلامة, 1431: 50).

هەرچۆنێك بێت، وەك زانراوە زانایانی موسڵمانان زانینیان دەربارەی فەرموودە و بنەماکانی بیروباوەری ئایینی ئیسلام لە ڕێگای یادەوەرییانەوە بە شێوەی زارەکی بۆ گوێگرانیان دەگواستەوە، گوێگرانیش لە شێوەی دانیشتنی ڕاستەوخۆ گوێیان لە زاناکان دەگرت، لەو قۆناغەدا نارەزایی تەواو بەرامبەر بە نوسینەوەی زانین هەبوو بە تایبەتی بێتە سەر بابەتی بیروبۆچوون و دۆزە فقهییەکانی پەیوەست بە پێغەمبەرەوە، بەڵام لە هەمانکاتدا ئەو نارەزایەتیانە بێ بنەما دەبن، بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی لە کاتی وانەکاندا گوێگرەکان دەیاننوسی، بەمەش ئەوانە دەبنە بەرهەمی دەستی ئەو کەسانەی لە وانەکاندا ئامادە دەبوون، واتا خوێندکارەکان ڕۆڵیان هەبووە، ئەوەی دەیان بیست تۆماریان دەکرد (شاکر، 1983: 76/1؛ شولر، 2016: 105).

لە ڕاستیدا زانیاری دەربارەی ڕابردوو زیاتر لە جاران دەگوازرێتەوە، بەبێ بوونی بابەتی نوسینی مێژوویی و بە شێوازی جۆراو جۆر، لە نێویاندا یادەوەری تاکە کەسی شایەدحاڵەکان بۆ ڕووداوەکان، لە هەمانکاتدا پەیوەندی بە سنورە سەرەکیەکانەوە هەیە، چونکە لە چوار تا پێنج دەیەی دوای ڕووداوەکان، زۆربەی شایەدحاڵەکان مردوون، بەمەش ڕێژەکەی سنوردار دەبێت، کە بەشێکیان شایەدحاڵی سەردەمی ژیانی پێغەمبەر بووینە، لە بابەتی گەورەبوونی لە مەککە و هەندێ یادەوەری چالاکیەکانی مەدینە و بناغەی تاکەکانی هۆزەکانی قوڕەیش، ئەو شایەدحاڵانە تاوەکو ساڵانی (50) و (60) کۆچی ژیاون، پاشان شایەدحاڵی وڵاتگیری و گرفتە نێوخۆییەکان ئەوانە تاوەکو (80) کانی سەدەی یەکەمی کۆچی لە ژیان مابوونەوە. بەمەش بەڵگەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە بابەتی گێڕانەوە لە چارەگی کۆتایی سەدەی ئاماژەپێکراو دەستی بە پەرەسەندن کردووە و دەرفەتێکی گەورە بووە بۆ نوسەرانی ئەو قۆناغە بۆ کۆکردنەوەی یادەوەری لە خودی شایەدحاڵەکان، ئەوانە هاتوون گێڕانەوەکانیان دەربارەی ڕووداوەکانی ئیسلام لە ژیاننامەی پێغەمبەر و جەنگەکان و وڵاتگیری و گرفتە نێوخۆییەکان وەرگرتووەو کۆیان کردۆتەوە (دونر، 2019: 350-351). واتا یادەوەرییەکان ڕۆڵێکی گرنگیان گێڕاوە لە هەنگاونان بەرەو نوسراو. وەك باس لە شعبی (م. 103ك/722ز) دەکرێت پەرتووکێکی پڕکردووە دەربارەی وڵاتگیری بەبێ بوونی هیچ ڕەشنووسێك یان گەڕانەوە بۆ وەرەقە (شاکر، 1983: 77/1)، ئەمانە وایانکرد لەو قۆناغەدا سەرەڕای ئەوەی لە پێغەمبەر نزیك نەبوون و لەگەڵیدا نەژیاون و هاوسەردەمی نەبوون، بەڵام

توانیویانە زۆرترین زانیاری تایبەت بە وتە و کردار و ڕووداوەکانی سەردەمی پێغەمبەر کۆبکەنەوە، ئەمەش لە ڕێگای هاوەڵانەوە یاخود شوێنکەوتووان بۆیان گێڕاونەتەوە، ئەم شێوازی گێڕانەوەش زۆر پشتیان بە دانە پاڵ (الاسناد) دەبەست، لە نوسینەوەکان و تۆمارکردنی ڕابردوو لە ڕێگای یادەوەرییانەوە، بەم شێوەیە دەیان ووت: (فلان کوڕی فلان لە فلان کوڕی فلان ...، وتی، پێی وتم، هەواڵی پێدام ...هتد)، تاوەکو دەگاتە شایەدحاڵەکە (الطبري, 1968: 10/1؛ ڕوبنسون، 2014: 117).

ئەم جۆرە گێڕانەوانە سەرەتا بۆ ڕاستی و دروستی وەرگرتنی فەرمووده بەکاردەهات، هەرچەندە سەرەتا موسڵمانەکان فەرموودەکانیان لە هاوەڵان و جڤاکی ئیسلامی بە بێ داواکاری دانەپاڵ وەردەگرت، بەڵام بە تێپەڕبوونی کات، بەهۆی دروستبوونی ئاژاوەو جیاوازی و دابەشبوون لە نێو موسڵماناندا، هەروەها جیاوازی فقهی و کەلامی و سیاسی دەرکەوت، ئەمانە وایانکرد ژمارەیەك فەرموودە بخرێتە پاڵ پێغەمبەر، بەمەش سەرەتای داواکاری دروست بوو لەوەی پێویستە فەرموودەکان بە دانەپاڵ تێپەڕبێن، ئەم دانەپاڵە بۆ دڵنیابونەوە بوو لە ڕاستی و دروستی فەرموودەکان، لەبەرئەوەی هەریەك لەو گروپانە پەنایان بۆ گێڕانەوەی فەرموودەیەك دەبرد و دەیاندایە پاڵ پێغەمبەر، بە مەبەستی هێنانی پاشاو بۆ بۆچوون و هەڵوێستی خۆیان. لێرەدا نوسینەوە شوێنێکی جێگیر بە فەرموودە دەبەخشێ، تا ڕادەیەکی زۆر ڕێگری لە ساختەکاری دەکات بۆ بەکارهێنانی لە بەرژەوەندی خۆیان (إبن أبي حاتم, 1952: 1/5-6؛ کوثراني, 2012: 81-82؛ الخالدي, 2015: 46, 52). بەڵام دواتریش بۆ ڕووداوە مێژووییەکانیش بەکاریان هێنا بۆ هەمان مەبەست، کە لە بەشێکی زۆری پەرتووکەکانی ئەو قۆناغە و قۆناغی دەرنگتریش دەبینرێت، واتا ئەم دەستەواژانە لە لایەن فەرموودەناسان، گێڕەرەوەکان و هەواڵزانەکان بۆ وەرگرتنی زانین و کاروکردەوەو ڕووداوەکان بەکاردەهات.

ئاماژە بە کۆمەڵێك نوسینی دیکە دەکرێت، بە پاڵپشتی ئیسرائیلیات یاخود یادەوەری هاتۆتە بەرهەم، بەڵام زیاتر لەسەر ڕاسپاردەی دەسەڵاتداران بووە، وەك (موعاویە کوڕی ئەبو سوفیان) (41-60ك/ 661-680ز) یەکەم خەلیفەی بنەماڵەی ئومەوی، فەرمانی بە (عبید کوڕی شریە جەرهەمی (م. 67ك/686ز)) کردووە بۆ نوسینەوەی گێڕانەوە مێژووییە پێشینەکان، ئەوەی پەیوەستە بە مێژووی پاشاکانی عەرەب و فارس، ئەوانە بزووتنەوەیەکی مێژوویی ئیسلامی سەرەتایی بوون (إبن النديم، 2002: 143؛ لویس وآخرون، 2008: 70-71)، هەروەها خەلیفە خۆی فەرمانی بە یەکێك لە نوسەرانی کۆشك کردووە کە وتەکانی پێغەمبەر بنوسێتەوە (الخطیب البغدادي, 2008: 25)، هەر لەو قۆناغەدا کەسایەتییەك بەناوی (زیاد کوڕی أبیه (م. 53ك/672ز)) فەرمانڕەوای عێراقی سەردەمی موعاویە بوو، فەرمانی بە نووسینی پەرتوکی (المثالب) کرد، تایبەتە بە کەم و کوڕییەکانی عەرەب، ئەمەی بە هۆی زۆر ئازار کێشانیەتی لە ڕووی ڕەگەزیەوە، بەتایبەتی لە بابەتی قوڵبونەوەی ڕەگەزی لە سەردەمی ئومەوییەکان، لەبەرئەوەی لە بنەچەیەکی عەرەبی باڵا نەبووە، لەلایەکی ترەوە لە بنەچەیەکی شاراوەو نادیاربوو (إبن النديم، 2002: 142؛ الرواضية, 1994: 32-33)، بەمەش ئەم نوسینە دەکەوێتە قۆناغێکی زۆر زوو.

هەروەها هەر زوو مەدینە دەبێتە سەنتەرێکی گرنگی چالاکی لە بابەتی نوسینەوەی مێژوویی لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا، لە گرنگیدان بە بابەتەکانی ژیاننامە و جەنگەکانی پێغەمبەر لە کارە لە پێشینەکانیان بوو، ئەمەش زیاتر بەهۆی هاندانە زۆرەکانی خەلیفەکانی ئومەوییەوە بوو، کە ژمارەیەك کەس دەرکەوتن و گرنگیان بە گێڕەرەوەکاندا دەربارەی ژیان و جەنگەکانی پێغەمبەر لە چواریەکی کۆتایی سەدەی یەکەمی کۆچی وەك (عروە کوڕی زوبیر (م. 94ك/ 713ز)، سعید کوڕی موسەیب (م. 94ك/ 713ز)، عوبەیدوڵا کوڕی کەعب (م. 97ك/716ز)، ئابانی کوڕی عوسمان (م. 105ك/723ز، ...هتد))، (إبن سعد، 2001: 7/ 143، 151، 178؛ دونر، 2019: 370)، بەمەش ئومەوییەکان گرنگیان بە ژیاننامەی پێغەمبەر و جەنگەکانی داوە، ئەو کاتەی (سولەیمان) خەلافەتی وەرگرت لە نێوان ساڵانی (96-99ك/ 715-717ز) فەرمانی بە ئابانی کوڕی عوسمان کرد بە نوسینەوەی ژیاننامە و جەنگەکانی پێغەمبەرو ڕادەستکردنی دەقە نوسراوەکان بۆ لە بەرگرتنەوەیان، بەمەش ئابان یەکەم کەسە لە نوسین کۆمەڵێکی تایبەت لە جەنگەکانی پێغەمبەر لە خۆدەگرێت و ناوبانگی بە زانینێکی ورد دەربارەی جەنگەکانی پێغەمبەر دەرکرد (هوروڤتس، 2005: 3، 6؛ شولر، 2016: 107-109).

لەگەڵ ئەوەشدا، خەلیفەش هەبوو دژی نوسینەوە بوو، لەوانە (عەبدولمەلیك کوڕی مەڕوان (65-86ك/684-705ز)) فەرمانی بە سوتاندنی فەرموودە جەنگییەکان کرد و ئامۆژگاری سولەیمانی کردووە ، قورئان بخوێنێتەوەو شوێن سونەت بکەوێت و خۆی بە دوور بگرێت لە خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانە. ئەمەش ئەوە دەردەخات عەبدولمەلیك دەیەوێت قورئان تاکە پەرتووك بێت لە ئیسلامدا بمێنێتەوە (الزبير بن بكار، 1996: 275؛ مرغوليوث، د.ت: 55)، وا دیارە دواتر دەربارەی ئەم بابەتە بیرۆکەی خۆی گۆڕیووە و گرنگی پێداوە، کە نامە بۆ (عروە کوڕی زوبیر) دەنێرێت، پرسیاری دەربارەی جەنگ و ژیاننامەی پێغەمبەر لێ دەکات و عروەش بە نوسین وەڵامی دەداتەوە، ئەم وەڵامانە بایەخی زۆری بۆ مێژووی ئیسلامی هەیە، عروە زانیارییەکانی لە کەسایەتییە دیارەکانی وەك هاوەڵان و بە تایبەت لە عائیشەی پوری وەرگرتووە، کە زانیارییەکان پەیوەست بوون بە بنەماکانی ئایین و مێژوو، بە تایبەتی ئەوانەی پەیوەندی بە ژیان و جەنگەکانی پێغەمبەرەوە هەبوو وەك جەنگی بەدر (ڕوبنسون، 2014: 137؛ شولر، 2016: 82-83)، هەروەها لە پێشووترین ئەو کەسانەیە کە ژیاننامەی پێغەمبەری لە خۆگرتووە، بەڵام لە ڕێگای سەرچاوەکانی دیکەی دوای خۆی بەدەستمان گەیشتوون (هوروڤتس، 2005: 23)، ئەم زانیاریانە لە دۆخی یادەوەرین و هەنگاو دەنێن بەرەو نوسین، واتا ئەو زانیاریانەی کۆی کردۆتەوە دەربارەی ژیاننامە و جەنگەکانی پێغەمبەر و سەرەتاکانی ئیسلام، کۆمەڵێك گێڕانەوەی زۆر لە خۆدەگرێت، ئەمەش وایکردووە بە یەکەم کەس لە پۆلێنکردن و کۆکردنەوەی جەنگەکان دابنرێت، ئەوانەی بە شێوەی یادەوەری بە خەڵکەکەی دەوروبەری گەیاندووە، هەروەها ئەو زانیاریانەی تۆماریش کردووە، بەڵام بۆ خەڵکێکی فراوان نەینوسیووە کە خوێنەری بێت، بەڵکو لە بنەڕەتدا بۆ خەلیفە و بنەماڵەکەی نوسرابوون (شولر، 2016: 87، 89)، هەرچەندە تا کۆتایی سەدەی یەکەمی

کۆچی لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا، دەست بە پەرەپێدان بە ڕوانگەی مێژوویی نەکردووە، تا ئەو کاتەی هیچ تێڕوانینێکی بە کۆمەڵیان بۆ خۆیان نەبووە، یادەوەریش پاشماوەی هزری تاکەکانە بۆ ڕووداوەکان بۆ ماوەیەك لەو ڕابردووە (دونر، 2019: 250).

لە چارەگی یەکەمی سەدەی دووەمی کۆچی زوهری (م. 124ك/741ز) دەست بە کۆکردنەوەی فەرموودە دەکات بۆ ئەوەی شێوەیەکی فەرمی پێ بدات لە ژێر ناوی (ژیاننامە و جەنگەکانی پێغەمبەر) و لەگەڵ چەند بەرهەمێکی دیکە، ئەو کۆکردنەوەیە لەسەر ئاستێکی فراوان ناوی نوسینەوەی لەسەر دەرچوو، هەروەها کاری زیاتر دەکرێت، بەرەو بەکارهێنانێکی فراوانتر بۆ نوسین، هەرچۆنێك بێت زوهری توانی قەدەغەیەکی دەیان ساڵە لە ڕێگریەکانی نوسینەوەی دەقەکانی تایبەت بە پێغەمبەر یاخود هەر حالەتێکی بڵاوکردنەوەی نوسین لە چوارچێوەی ئەم بوارەدا جگە لە قورئان بشکێنێت (شولر، 2016: 100)، لە ڕاستیدا دەتوانین بڵێین لەو قۆناغە بە دواوە، کە گێڕانەوەی فەرموودە لە پێشووتردا تەنها لە یادەوەرییاندا بوو لێرەوە بووە هۆی ڕەنگدانەوە و کەڵەکەبوونی زانینی مێژوو بە گواستنەوەو پەڕینەوە لە زارەکییەوە بۆ نوسینەوەی دەقی فەرموودە، ئەمەش هەستێکی مێژوویی لە زارەکییەوە بۆ نوسراو دروست دەکات، لەبەرئەوەی خودی فەرموودەش لە بنەڕەتدا ڕەهەندێکی مێژوویی هەیە و دەبێتە مێژوو و زانینی مێژوو، تەنانەت فەرموودەناسانیش بە جۆرێك لە جۆرەکان مێژوونوسن، ئەمەش بە سەرەتای بزووتنەوەی گەشەسەندنی مێژووی ئیسلام دادەنرێت. لێرەدا زوهری وادەردەکەوێت لە دوای ئەم کارەیدا پاساو دەهێنێتەوە بەهۆی ئەوەی پەنای بۆ نوسین بردووە و ناچارکراوە لە لایەن خەلیفەکانی ئومەوییەوە، بۆ ئەو مەبەستەش وتوویەتی: ((ئێمە ڕقمان لە پەرتووکی زانست بوو، هەتا ئەو میرانە ڕقیان لێمان بوو، پێمان وابوو ئەوە لە موسڵمان بوون لامان دەدا))، (الخطيب البغدادي, 2008: 138)، ئەم دەقە زۆر بە ڕوونی ئاماژە بە ڕەتکردنەوەی نوسین دەکات لە لایەن نوسەران و بە هیچ شێوەیەك حەزو ئارەزوویان لە نوسینەوەی ڕابردووی مێژووی ئیسلام نەبووە لە بەرامبەر بە پابەندبوونیان بە نەریتی زارەکی و گێڕانەوەی دەماودەم، بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە فەرموودەکانی پێغەمبەر لە بوارە جیاوازەکاندا، بەڵام دەسەڵاتداران لە خەلیفە و فەرمانڕەوای هەرێمەکان وازیان لێ نەهێناون و وایان لێ کردوون کە بنوسن، ئەمەش واتا هۆکاری سەرەکی نوسینەوە بۆ خودی دەسەڵات دەگەڕێتەوە، وەك ئاماژەی پێدراوە. زوهری فەرموودەیەکی زۆری کۆکردۆتەوە و بە فەرمانی کۆشکی خەلافەت نوسراونەتەوە، بۆ ڕاستی ئەمەش لە دوای کوژرانی خەلیفە وەلیدی دووەم لە ساڵی (125ك/743ز) هەموو ئەو نوسراوانەیان بە ژمارەیەکی زۆری ئاژەڵ لە کۆگای خەلافەت گواستەوە (الفسوي, 1410: 1/637-638؛ شولر، 2016: 101)، واتا ژمارەیەکی زۆر نوسین هەبووە لەو قۆناغەدا، بەڵام لە ژێر چاودێری و دەسەڵاتی خەلافەت دابووە، نەك خوێنەری فراوانی دەرەوە.

هۆکارێکی دیکەی پەڕینەوە لە کولتوری زارەکییەوە بۆ نوسراو، بوونی نوسینە بە پێداویستیەتی کارگێڕی پەیوەست بە گەشەسەندنی سیستەمی سیاسییەوە، کە نوسین لە رووی کارگێڕییەوە بەکارهاتوو و بایەخی پێدرا، وەك بەڵگە نامەی فەرمی کارگێری و دەقی نوسراو لەسەر شێوەی نامەی ئاراستە کراو بۆ کەسایەتییە دیارەکانی وەك خەلیفە و فەرمانڕەوای هەرێمەکان و نوسراوی دەوڵەت و دیوانەکان ...هتد، لەڕاستیدا نوسینی نامە لەلای عەرەب هەر لەسەرەتای ئیسلامەوە بە ڕوونی کاری پێکراوە، هەروەك نامەکانی پێغەمبەر ئاراستەی هۆزە عەرەبییەکانی دەکرد، یاخود ئەو نامانەی عروەی کوڕی زوبیر ئاراستەی خەلیفە عەبدولمەلیکی کرد، لە هەموو ئەوانەدا پەخشانی عەرەبی دەردەکەوێت. بە هەموو ماناکانیەوە سەرەتا لە دیوانەکانی پەیوەست بە کارگێڕیەکان دەرکەوت، لە لایەکی دیکەوە وەرگێڕانی پەرتووك و نوسراوەکان لە زمانی دیکەوە بۆ سەر زمانی عەرەبی هەبوو و پەرەی پێدرا، لە دیارترین وەرگێرەکان وەك (إبن المقفع) (م. 139ك/ 757ز)، ژمارەیەك پەرتووکی بۆ سەر زمانی عەرەبی وەرگێڕا، لەوانە پەرتووکی (كتاب الملوك، خداى نامة، شاهنامة الفردوسي و كليلة ودمنة)، (شولر، 2016: 111-115).

نوسین لە ناوەڕاستی سەدەی دووەمی کۆچیەوە زیاتر چالاك بوو، زانایان ئەو کەرەستانەی لە کارەکانیاندا کۆیان دەکردەوە پۆلینیان دەکرد بەپێی بوارە جیاوازەکان وەك فقهی، ڕاڤەکردن، فەرموودە، مێژوو و زمانەوانی، ئەمەش تەنها بە کاریگەری کۆشکی خەلافەت ڕەنگی داوەتەوە. لەوانە خەلیفە مەنسور فەرمانی بە یەکێك لە گەورە زانایان (ئیبن ئیسحاق) کرد، بە نوسینی پەرتووکێکی گەورە لە دروستبوونی ئادەمەوە تاوەکو ئێستا، بۆ ئەوەی بیداتە کوڕەکەی بەناوی (مەهدی) کە وەلی عهدی خەلیفە بوو. (شولر، 2016: 118-120)، هیچ گومانی تێدا نیە بەرهەمەکەی ئیبن ئیسحاق تاڕادەیەکی دوور پشتی بەو شتانە بەستووە کە بیستوویەتی (بوتشیش، 2015: 94/1).

سەرەڕای ئەوە، کارگێری خەلافەتی ئیسلامیش پێویستی بە ئەدەبیات بوو، ئەو ئەدەبیاتە بریتی بوو لە ناساندنێکی کورت بۆ ئەو بنەمایانەی لەسەری دامەزراوە بۆ جێ بەجێ کردنی ئەرکە جۆراوجۆرەکان، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی ببێتە هۆی دەرکەوتنی پەرتووکی (خەراج) ی ئەبو یوسف (م. 182ك/798ز)، یەکێکە لە کۆنترین پەرتووکە ناسراوەکانی ئیسلام، بابەتەکانی پەیوەست بە فقهی تیایدا بونیاتنراوە. ئەم پەرتووکە لەسەر فەرمانی خەلیفە هارون ڕەشید نوسراوە و ئاراستە کراوە، ئەمە لە لایەك، لە لایەکی دیکەوە ئەو هۆکارەی جگە لە دەسەڵات یارمەتیدەر بووە بۆ هاندانی زانایان بۆ دارشتنی نوسینەکانیان گروپە ئیسلامییەکان و بزووتنەوە هەڵگەڕاوەکان بوون، ئەم هۆکارە دەرکەوتنی یەکەم نوسینەکانی پەیوەست بە زانستی ئایینی لە ئیسلام ڕوون دەکاتەوە. وەك (نامەیەك لە قەدەردا) ئاراستەی خەلیفە (عمر کوڕی عبدالعزيز) کراوە لە ڕێگای (حەسەنی بەصری (م. 110ك/728ز))، یان نامەیەك بە ناوی (بەرپەرچدانەوەی قەدەرییەکان)، یاخود پەرتووکێك بە ناوی (الإرجاء)، ئەمانە چەندانی دیکە، ئەو نوسراوانەن پەیوەستن بە لایەنی گروپە ئیسلامییەکان و لایەنی ئایینییەوە (شولر، 2016: 124-126).

ئەوەی پەیوەندی بە بواری مێژووەوە هەیە و بە دەسەڵاتی ئیسلامەوە دەبەسترێتەوە، کارەکانیان کۆکردنەوەی گێڕانەوە مێژووییەکانە لەسەر ڕووداوە دیاریکراوەکاندا، بە تایبەتی

هەندێ قۆناغی ولاتگیری و گرفتە نێوخۆییەكانی ئیسلامی، لەو بارەیەوە ژمارەیەك بەرهەمی نوسراویان هەیە، لە زووترین ئەو نوسراوە مێژووییە وەك یەكەم پەیامی تەرخانكراو بۆ بابەتی جەنگ و گرفتە نێو خۆییەكان لە قۆناغێكی زۆر سەرەتادا، كە گێڕانەوەكانی پەیوەستن بە جەنگی جەمەل و مردنی عەلی كوڕی ئەبوتالیب و مردنی حوسێن و جەنگی نەهرەوان ...هتد، ئەو مێژوونوسە (الشعبي)ە، یەكێك لە بەرهەمەكانی بەناوی (الشورى و مقتل الحسين)، (دونر، 2015: 326)، هەروەها مێژوونووسێكی دیكە (جابر بن زيد الجعفي (م. 128ك/746ز))، لە كۆنترین ئەو كەسانەیە پەرتووكەكانی (جمل و صفين) ی دانا، هەروەها دواتر (ئەبو میخنەف (م. 157ك/774ز)) لەو كەسانەیە ژمارەیەكی زۆر بەرهەمی هەیە لەسەر ڕووداوەكان، ولاتگیری، گرفتە نێوخۆییەكان، گروپەكان و كوژرانی چەندین كەسایەتی دیار، بەرهەمەكانی وەك (الجمل، صفين، النهروان، الخوارج، فتوح الشام، فتوح العراق، الشورى، مقتل على بن أبي طالب, مقتل حجر بن عدي, الحسين بن علي, مقتل عثمان و كتاب الحديث الأزارقة ... هتد)، (إبن النديم، 2002: 149؛ شولر،2016: 143-147)، لەگەڵ چەندان مێژوونوسی دیكەی ئەو قۆناغە. هەرچەندە بەرهەمی ئەو مێژوونووسە و هەندێكی دیكە لە هاوسەردەمانی فەوتاون و دەقەكانیان لە لایەن مێژوونوسانی دواتر بەكارهێنراون (Robinson, 2006: 522). هەروەها نوسەرانی زانستی كەلامیش بەرهەمیان هەیە، ئەوانەی شوێنكەوتووی هزری موعتەزیلە بوون، لەوانە (واصل بن عطا (م. 131ك/ 748ز)) بەرهەمەكانی وەك (كتاب المنزلة بين المنزلتين, كتاب التوحيد) هەروەها (ضیرار كوڕی عمرو (لە دەوروبەری 180ك/796ز مردووە))، دەربارەی هەمان هزرە و زیاتر لە سی بەرهەمی هەیە، وەك (كتاب المخلوق، كتاب تناقض الحديث، كتاب الرد على الجميع الملحدين، كتاب الرد على الخوارج ... هتد)، (إبن النديم، 2002: 284، 299). هەروەها نوسین زیاتر ئاسانتر دەبێت ئەو كاتەی مادەیەكی گرنگی وەك كاغەز بەكاردەهێنرێت، بەمەش یەكێك دەبێت لە فاكتەرە سەرەكییەكان بۆ سەرهەڵدانی بەربلاوی بەرهەمی نوسراو، دەتوانین بڵێین لەو قۆناغەدا نوسینی پەرتووك بە مانا ڕاستەقینەكەی دەركەوێت و جەماوەرێكی فراوانی خوێنەریش پەیدا دەبن، هەرچەندە هەنگاونان بەرەو نوسین زۆر گەشە دەكات، بەڵام یادەوەری بایەخی خۆی هەر دەمێنێت تا قۆناغی زۆر درەنگیش وەك لە بەرهەمەكانیاندا بە پشت بەستن بە دانە پاڵ دەردەكەوێ، نموونەش بۆ ئەو مەبەستە، وەك (ئیبن قوتەیبە (م. 276ك/889ز)) خۆی بەوردی گرنگی بە بیستن دەدات، بۆیە پێویستە هەموو زانستێك ببیسترێت، ئەو پێویستییە لە زانستی ئایینەوەیە، پاشان شعر ... هتد، واتا گەڕانەوە بۆ بناغە، كە دەستپێك و سەرچاوە بنەڕەتیەكەیەتی، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەكی بەرچاو پەرتووكی لە بوارە جیاوازەكان نوسیووە. (شولر، 2016: 191، 210).

لێرەدا ئەوەی زۆر بەڕوونی دیارە تاوەكو ئەو قۆناغەش بە وردی بە سەرنجەوە كاریان لەسەر یادەوەری كردووە، سەرەڕای بایەخدان بە نوسین بۆ پاراستن و گەیاندنیان بۆ نەوەی داهاتوو، بەڵام لەسەر یادەوەریش بەردەوام بوونە، بە تایبەت لە بابەتەكانی پەیوەست بە ئایینەوە. بەگشتی لە لایەن مێژوونوسان و فەرمووده‌ناسان و هەوڵزانان و ئەدەبیات و شاعیرەكان ... هتد، بابەتی زارەكییان بە شێوەیەكی فراوان بەكارهێناوە و بە پشت بەستنێكی گەورە پشتیان بە مێژووی زارەكی بەستووە و كاریان لەسەر كردووە، هەروەها زۆربەی نوسینەكانیان لە زاری كەسانی هاوچەرخ و گێرەرەوەی ڕووداوەكان وەرگرتووە، بەڵام لێرەدا هەموو ئەو فاكتەر و لایەنە جیاوازانەی ئاماژەیان پێكرا، كە لە یادەوەرییەوە هێنایان و كردیان بە نوسین، وایكرد كە وەرچەرخانێكی گرنگ بێتە پێشەوە، ئەویش كەڵەكەبوونی ئەو زانیارییە زۆرانەیە كە بوون بە زانینی مێژوویی و هەروەها وردە وردە بزوتنەوەی زانینی مێژووی ئیسلامی گەشەی سەند، جگە لەوەی مێژوونوسانی دواتر زۆر ئاسانتر لە پێشووتردا سوودیان لە كەڵەكەبوونی ئەو زانیاریانە وەرگرتووە، كە وەك زانینی مێژوویی بەرهەم هاتوون و مامەڵەیان لەگەڵ دەكرێت.

## ئەنجام

1- یادەوەری سەرچاوەیەكی سەرەكی گەیاندنی زانیارییەكانە، لەو گەنجینەیەی كە زانیارییەكانی ڕابردووی تێدا كۆكراوەتەوە. لە ڕێگای زارەكییەوە ڕۆڵی بەرچاوی دەبێت لە گەیاندنی لایەنە شاراوەكانی بیركردنەوەو تێگەیشتن لە ڕووداوەكانی قۆناغە جیاوازەكانی ڕابردوو. هەروەها هەرچەندە یادەوەری زۆرجار لە كاتی گێڕانەوەی زارەكیدا تووشی شێوان و بەلاڕێبردندا دەبێتەوە بە هۆكاری جیا جیا، بەڵام بایەخی تایبەتی خۆی هەیە و هەر مامەڵەی مێژوویی لەگەڵ دا دەكرێت.

2- شێوازە جیاوازەكان لە گێڕانەوەی زارەكی، سەرچاوەیەكی گرنگی گواستنەوەی گێڕانەوەی ڕووداوە مێژووییەكان بووە لە ڕۆژگاری عەرەبی پێش ئیسلامدا، كە جێگای شانازی هۆز و خێڵەكان بووە، بە تایبەت لە ناساندنی ڕەچەڵەك و باس كردنی سەركەوتنەكانی باب و باپیرانیان.

3- هەرچەندە یادەوەری و گێڕانەوەی زارەكی جێگای شانازی عەرەب بووە، بەڵام نوسراویش پێگەیەكی گرنگی هەبووە، بەتایبەت بە هۆی گۆڕانی مێژوویی و پەرەسەندنی ژیانی ئەو ناوچەیە لە ڕووی سیاسی، ئابووری، كۆمەڵایەتی و ئایینییەوە ... هتد.

4- بەرزی پێگەی یادەوەری و نەبوونی ئەو پێگەیە لە نوسین لە ڕۆژگاری عەرەبی پێش ئیسلامدا، بەهۆی سروشتی ژیان و كەمی ئامرازو كەرەستە پێویستیەكانی نوسین و لاوازی خوێندەواری بووە.

5- زانستی مێژوو لەلای مێژوونوسە موسڵمانەكان لەسەر بنەمای گێڕانەوەی زارەكی دامەزراوە، هەرچەندە نوسینەوە لە سەرەتاكاندا لە كۆمەڵگەی ئیسلامیدا قەدەغە بوو یاخود ڕێگری هەبووە.

6- سەرەڕای بەردەوامی یادەوەری و گێڕانەوەی زارەكی لە قۆناغەكانی سەرەتای ئیسلامدا، بەڵام نوسینەوە بووە پێویستییەك بە هۆی دروستبوونی گۆڕانكاری لە دەقە زارەكییەكاندا بەهۆكاری جیا جیا لەلایەك و لە لایەكی دیكەوە توانای سنورداربوونی هزر و بیرگە لە پاراستنی یادەوەرییەكان وەك خۆی.

7- لەسەردەمی ئیسلامیشدا پرۆسەی یادەوەری ڕەنگی خۆی داكوتاوە، لەبەرئەوەی سەرچاوەی سەرەكی قورئان و

فەرمووده و نوسراوەکانی دیکەیە، سەرچاوەکەیان لە گێرانەوەی زارەکی بەرهەم هاتووە، بۆیە نوسین هەرگیز بە بێ زارەکی بوونی نابێت.

## لیستی سەرچاوەکان


**یەکەم: پەرتووکە ئاسمانییەکان:**

1. قورئانی پیرۆز

**دووەم: سەرچاوە عەرەبییەکان (المصادر):**

2. إبن إسحاق, محمد بن إسحاق بن يسار. (2004), السيرة النبوية, بيروت: دار الكتب العلمية, تحقيق: أحمد فريد المزيدي.
3. البخاري, أبي عبدالله محمد بن إسماعيل بن إبراهيم. (2016), صحيح البخاري, پاكستان: البشرى.
4. البغدادي, محمد بن حبيب. (1985), كتاب المنمق في أخبار قريش, بيروت: عالم الكتب, صححه: خورشيد احمد فاروق.
5. إبن بكار, الزبير بن بكار. (1996), الأخبار الموفقيات, بيروت: عالم الكتب, تحقيق: سامي مكي العاني.
6. البلاذري, أحمد بن يحيى بن جابر. (1901), فتوح البلدان, القاهرة: مطبعة الموسوعات.
7. الجاحظ, أبي عثمان عمرو بن بحر. (1998), البيان والتبين, القاهرة: مكتبة الخانجي, تحقيق: عبدالسلام محمد هارون.
8. إبن أبي حاتم, عبدالرحمن بن محمد بن إدريس بن المنذر. (1952), الجرح والتعديل, بيروت: دار الكتب العلمية, تحقيق: عبدالرحمن بن يحيى اليماني.
9. الخطيب البغدادي, أبي بكر أحمد بن علي بن ثابت. (2008), تقييد العلم, القاهرة: دار الإستقامة, تحقيق: سعد عبدالغفار علي.
10. إبن أبي داود, أبي بكر عبدالله بن سليمان بن الأشعث. (2002), كتاب المصاحف, بيروت: دار البشائر الإسلامية, تحقيق: محب الدين عبدالسجان واعظ.
11. الزوزني, أبي عبدالله الحسين بن أحمد. (د.ت.), شرح المعلقات السبع, مصر: دار العالمية.
12. إبن سعد, محمد بن سعد. (2001), كتاب الطبقات الكبير, القاهرة: مكتبة الخانجي, تحقيق: علي محمد عمر.
13. إبن شبة, أبو زيد عمر. (د.ت), كتاب تاريخ المدينة المنورة, دون مكان والطبع والنشر, تحقيق: فهيم محمد شلتوت.
14. الطبري, أبي جعفر محمد بن جرير. (1968), تاريخ الرسل والملوك, مصر: دار المعارف, تحقيق: محمد أبو الفضل إبراهيم.
15. الفسوي, أبي يوسف يعقوب بن سفيان. (1410هـ), كتاب المعرفة والتاريخ, المدينة المنورة: مكتبة الدار, تحقيق: أكرم ضياء العمري.
16. القرطبي, أبي عبدالله محمد بن احمد بن أبي بكر. (2006), الجامع الأحكام القرآن, بيروت: مؤسسة الرسالة, تحقيق: عبدالله بن عبدالمحسين التركي.
17. إبن النديم, أبي الفرج محمد بن أبي يعقوب إسحاق. (2002), الفهرست, بيروت: دار الكتب العلمية, ضبطه وشرحه: يوسف علي طويل.
18. إبن هشام, أبي محمد عبدالملك بن هشام. (1995), السيرة النبي, مصر: دار الصحابة للتراث بطنطا, تحقيق: مجدى فتحى السيد.

**سێیەم: ژێدەرە عەرەبییەکان (المراجع):**

19. أونج, والترج. (1994), الشفاهية والكتابية, الكويت: عالم المعرفة, ترجمة: حسن البنا عزالدين.
20. بروكلمان, كارل. (1959), تاريخ الأدب العربي, مصر: دار المعارف, ترجمة: عبدالحليم النجار.
21. بوتشيش, إبراهيم القادري و آخرون. (2015), التاريخ الشفوي, بيروت: المركز العربي للأبحاث ودراسة والسياسات, إعداد وتنسيق: وجيه كوثراني و مارلين نصر.
22. الجابري, محمد عابد. (2002), تكوين العقل العربي, بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية.
23. الخالدي, طريف. (2015), فكرة التاريخ عند العرب, بيروت: منشورات الجمل, ترجمة: حسني زينه.
24. الدوري, عبدالعزيز. (2000), نشأة علم التاريخ عند العرب, الإمارات: مركز زايد للتراث والتاريخ.
25. دونر, فريد مكغرو. (2019), الروايات السردية عن الأصول الإسلامية بدايات الكتابة التاريخية الإسلامية, بيروت: المركز الأكاديمي للأبحاث, ترجمة: عبدالجبار ناجي.
26. ذياب, صفاء. (2020), السيرة الشعبية في النقد العربي المعاصر, بيروت: دار الرافدين.
27. الرواضية, صالح محمد. (1994), زياد بن أبيه و دوره في الحياة العامة في صدر الإسلام, الأردن: منشورات جامعة مؤتة.
28. روبنسون, جيسي. (2014), البلاط والمجتمع الإسلامي وعلم التاريخ, بيروت المركز الأكاديمي للأبحاث, ترجمة: عبدالجبار ناجي.
29. ريكور, بول. (2009), الذاكرة, التاريخ, النسيان, بيروت: دار الكتاب الجديد المتحدة, ترجمة: جورج زيناتي.
30. سلامة, محمد يسرى. (1431هـ), مصادر السيرة النبوية ومقدمة في تدوين السيرة, القاهرة: دار الندوة.
31. شاكر, مصطفى. (1983), التاريخ العربي والمؤرخون, بيروت: دار العلم الملايين.
32. شولر, غريغور. (2016), الكتابة والشفوية في بدايات الإسلام, المغرب: المركز الثقافي للكتاب, ترجمة: رشيد بازي.
33. العطوي, عبدالغفار. (2017), البعد الثقافي في الإسلام, بغداد: دار سطور.
34. علي, جواد. (1380هـ), المفصل في تاريخ العرب قبل الإسلام, بغداد: الشريف الرضي.
35. كالفي, لويس جان. (2012), التقاليد الشفهية, الإمارات: هيئة أبوظبي للثقافة واللنشر, ترجمة: رشيد برهون.
36. كوثراني, وجيه. (2012), تاريخ التأريخ, بيروت: المركز العربي للأبحاث ودراسة والسياسات.
37. لوغوف, جاك. (2017), التاريخ والذاكرة, بيروت: المركز العربي للأبحاث و دراسة السياسات, ترجمة: جمال شحيد.
38. لويس, برنارد و ب.م. هولت. (2008), مؤرخو العرب والاسلام حتى العصر الحديث, دمشق: التكوين, ترجمة: سهيل زكار.
39. مرغوليوث, ديڤيد صمويل. (د.ت), دراسات عن المؤرخين العرب, بيروت: دار الثقافة, ترجمة: حسين نصار.
40. هوروڤتس, جوزف. (2005), تاريخ تدوين السيرة النبوية, باريس: دار بيبليون, ترجمة: حسين نصار.

**چوارەم: ژێدەرە کوردییەکان:**

41. خزر, عەبدولحەلیم عەبدولرەحمان. (2019)، موسڵمانان و نوسینەوەی مێژوو، سلێمانی: سەنتەری زەهاوی بۆ لێکۆلینەوەی فکری، وەرگێر: نازم عەبدوڵا.

**پێنجەم: توێژینەوە:**

42. خضري, محمد رضا. (2013), الخطيب البغدادي بين الشفاهية والكتابية من خلال كتابه تقييد العلم, مجلة جامعة دمشق, العدد (29).
43. عبدالرحمن, هاشم يونس. (2011), الذاكرة التاريخية عند العرب قبيل الإسلام, مجلة التربية والعلم, جامعة الموصل, المجلد (18), العدد (1).
44. مرعب, خالد مصطفى. (2017), إسهامات العرب في إرساء أصول علم التاريخ, المؤتمر الدولي الثالث في تاريخ العلوم عند العرب والمسلمين, بيروت: جامعة الشارقة.

**شەشەم: توێژینەوە بە زمانی ئینگلیزی:**

45- Robinson, Chase F. (2006), A Local Historian`s Debt to al-Tabari: The Case of al-Adzi`s "Tarikh al-Mawsil", Journal of the American Oriental Society, Vol. 126, No. 4.

46- Verovsek, Peter J. (2016), Collective memory, politics, and the influence of the past: the politics of memory as a research paradigm, Politics, Groups, and Identities, Vol. 4, No. 3.

47- Wilson, R. T. O. (1995), Some notes on the Arabic historiography of Tihäma in the pre-Islamic and early Islamic periods, Arabian archaeology and epigraphy, Vol. 6, IS. 4.

**من الذاكرة الى الكتابة التاريخية في التراث الاسلامي**
**" القرون الهجرية الثلاث الاولى "**

**الملخص:**

يركز هذا البحث على أهمية الذاكرة و الانتقال من مرحلة التذكر الى الكتابة في التراث العربي الإسلامي. ونقصد هنا الإنتقال من الموروث الشفهي الى الكتابة و إرساء الأسس العلمية للتدوين. وهذه تمثل مسألة التحول من السرد الشفهي عن طريق التذكر، الى إنتاج المدونات التاريخية في عصرها التأسيسي. يعد السرد الشفهي مصدرًا من مصادر كتابة التاريخ. حيث يتم حفظ الأحداث و ونقلها من جيل الى آخر عن طريق إعادة تذكرها. فيصبح جزءاً مهمًا من الخطاب التاريخي الذي ينتجه حضارة ما في مجالها الثقافي. من هنا مثّلتْ الذاكرة إحدى أهم المصادر التي تغذت عليها الكتابة، وخاصة التاريخية، في السياق الاسلامي. وكانت لها دور بارز بل و حساس في الحفاظ على الأحداث الماضية والمصيرية في الحقبة الاولى من التاريخ العربي – الاسلامي، ومن ثم إعادة تجسيد هذه الأحداث في الحاضر المُعاش للمسلمين والذي يتم فيه عملية التذكر، او يتم تدوينها.

من هنا، نحاول تسليط الضوء على كيفية كتابة التاريخ العربي الاسلامي، بالرجوع إلى الذاكرة الشفهية و إعتماد اوائل المؤرخين على المرويات الشفهية في تدوينهم للأحداث. خاصة فيما يتعلق بتفسير القرآن و البحث عن الروايات الخاصة بأسباب النزول، ام تعلق الموضوع بالأحاديث النبوية و السيرة النبوية و المغازي. وبعد ذلك الأحداث المتعلقة بالمشاكل و الصراعات الداخلية الى أن نصل الى الفتوحات و التوسع العسكري للعرب المسلمين.

**الكلمات الدالة:** الذاكرة, السرد الشفوي, الكتابة, التاريخ الإسلامي العربي, التراث.

**From memory to Historical writing in the Islamic heritage**
**“ The first three Hijri centuries “**

**Abstract:**

This research focuses on the importance of memory and the transition from remembering to writing in the Arab-Islamic heritage. We mean here The process of transformation from oral narration to writing and laying the scientific foundations for codification. This represents the issue of the transition from oral narration through remembrance, to the production of historical records in its founding era. Oral narration is one of the main sources of history writing. Where events are preserved and passed on, from one generation to another by remembrance. It becomes an important part of the historical discourse produced by civilization in its cultural dimension.

Hence, memory represented one of the most important sources on which writing was nourished, especially historical, in the Islamic context. And it had a prominent and even sensitive role in preserving the past and fateful events in the first era of Arab-Islamic history and then re-embodied these events in the present lived the everyday life of Muslims, in which the process of remembering takes place, or is written down.

From here, we try to shed light on how Arab-Islamic history was written, by referring to oral memory and the reliance of the first historians on oral narrations in their recording of events. Especially with regard to the interpretation of the Qur’an and the search for narrations related to the reasons for its revelation, or is the subject related to the hadiths of the Prophet, the Prophet’s biography, and the Maghazis. And then the events related to internal problems and conflicts until we reach the conquests and military expansion of the Muslim Arabs.

**Keywords:** Memory, Oral narration, Writing, Arabic-Islamic history, Culture.